# ناسیۆنالیزمی کورد، دوای دەستور!

zaryak@yahoo.com سامان کەریم

دوای دەستور، لێرەدا مانایەکی زەمانی دیاریکراو دەدات، نەك زەمەنێك کە بەتەواوی کۆتایيهاتوە. دوای دەستور ئەو ساتەیە کە پرۆسەیەکی گاڵتەجاری، کە کلاوکردنە سەری خەڵك، کە درۆو دەلەسە، چەواشەکاریو فرتو فێل، کە بەکرێدانی ویژدانو نوسینو وتارو تەنانەت روحی بیرو ڕەئی،... دەکرێتە واقعیەتی کۆمەڵگایەكو دەسەپێنرێت، بەم مانایەو لەسایەی سیاسەتی ئەمەریکیو بەپێی چەمکی تەوافق صندوقە بەتاڵەکانی دەنگدان لەشارە گەورەکانی کوردستان پرکران لە "بەلێ" بۆ کۆنەپەرستترین دەستور لە مێژووی عێراقدا. ئەم پرۆسە گاڵتەجارییە بە هەموو پێوانەکان فەشەلی هێنا، بەلاّم ئەوان سیاسەتی خۆیان بردە پێشەوەو بەم پێیە ئەرکی گەورەو یەکەمی ناسیونالیزمی کوردو سەرکردەکانیو هەردوو حزبی دەسەلاتدارو حزبە کوردییەکانی دیکەی بن دەستیانو رۆشنبیرانی ناسیونالیزمی کورد لە بازنەی سیاسەتی ئەمەریکیدا، تەواو بوو. ئەو ئەرکەی کە بەبێ ئەم دوو هێزەو تەزویراتێکی فراوانی " بەلێ" مومکن نەبوو بۆ ئەمەریکاو هیچ هێزێکی دیکە بچێتە سەر، ئەویش لکاندنی کوردستان بوو بە عێراقەوە لە پێناو چەمکی موقەدەسی "یەکپارچەیی خاکی عێراق" لە ڕوانگەی بورژوازی کوردیو عەرەبیەوە. بۆ لکاندنی کوردستان بە عێراقەوەو زەوتکردنی مافی جیابونەوەو بەرپاکردنی ریفراندۆمێك، ناتوانین جیاوازییەك بکەین لە نێوان بارزانیو عەمرۆ موسا لە نێوان تالەبانیو سیستانی... سەرکردایەتی ناسیونالیزمی کورد، پێش تەواوکردنی ئەرکی خۆیان بەرتیلی خۆیان وەرگرت، سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەریم، ئەمە بەرتیلێك بوو کە پێشەکی وەرگیرا بۆ لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە. ئەم قۆناغە تەواو بوو، لایەنی کەم ئەگەر بۆ ماوەی چەند سالێکیش بێت، ئەگەر بۆ رزگار کردنی کورت ماوەی ئەمەریکاش بێت لە تەنگژەیەکی گەورەی سیاسیو هەروەها ئەوانیش دەلێن "کورد" بەمافەکانی خۆی گەیشتو بەم مانایە خۆیان کردۆتە پالەوانی ڕیگای "رزگاری خەڵکی کوردستان"....

دوای دەستور بەڵام ئەرکەکانی سەرشانی ناسیونالیزمی لە بەرانبەر ئەمەریکادا دەگۆرێتو پێویستە ناسیونالیزمی کورد خزمەتگوزاری تر پێشکەش بکات. ئەمجارەیان لە زمانی بارزانیەوەو بە بەرگی کوردییەوە، ئەو خزمەتگوزارییە پێشکەش بە بۆش کرا لە رۆژی 25ی ئۆکتۆبەری رابوردوودا لە واشنتۆنو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا بارزانی دەلێت "بەلام ئەگەر کەمترین کەمتەرخەمی بەرامبەر بە تیرۆریستان بکرێت، دێتە بەر دەرگای ماڵی ئێمەو ئێوەو لێرە شەڕمان لەگەل دەگەن. لە بەر ئەوە من پێم وایە لە غەیری سەرکەوتن نابێ بیر لە شتێکی تر بکرێتەوە، هەروەها دلنیاشم بە پشتیوانی جەنابتو میللەتو سوپای ئەمەریکاو میللەتی عێراق بەگشتیو میللەتی کوردستان سەرکەوتن مسۆگەرەو تیرۆریستان هەر دەشکێن..."( هەفتەنامەی پاسەڕە ژمارە 125). بە رۆشنی بارزانی خەریکە ئەرکەکانی سەرشانی خۆیو حزبو بزوتنەوەکەی لە چوارچیوەی هەلومەرجێکی تردا دەخاتە ڕوو، هەلومەرجی دوای دەستور. بەتایبەت کە ناسیونالیزمی کوردو شەخسی بارزانی نەك گەورەترین خزمەتیان کرد بە ئەمەریکاو سیاسەتەکانی لە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوەو زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستانن بەڵکو لەوەش واوەتر رۆلی سەرەکیان گێرا لە پێناو بەسەرکەوتن گەیاندنی تەواوی پرۆسەی نوسینی دەستورو پرۆسەی گاڵتەجاری ریفراندۆم بۆ دەستورو بەگشتی گشت پرۆسەی سیاسی کە ئەمەریکا دەیباتە پێشەوە لە عێراقو ناوچەکەدا. لەم چوارچێوەیەداو بە لیاقەیەکی تەواو خۆش خزمەتیەوە پێناسەی قۆناغی داهاتووی ناسیونالیزمی کورد دەبەستێتەوە بە "جەنگی دژی تیرۆری" ئەمەریکاوە کە ئەگەر مەیدانی جەنگەکەی لە عێراقدا چڕ بوبێتەوە لە ئێستادا، ئەوا نە زەمەنەکەی دیارەو نە مەودای فراوانبونەوەی بەتایبەت ئیمە لە ناوچەیەکدا دەژین کە دراوسێی دوو وولاّتی "یاخی" بوین لە ئەمەریکا یان لایەنی کەم ئەمەریکا وایان ناو دەنێت، ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستا هیچ ئاسۆیەك نەك دیار نیە بۆ تەواو بونی یان بۆ یەکلاکردنەوەی کێبەرکێی تیرۆریستی نێوان ئیسلامی سیاسیو ئەمەریکا لە نیوخۆی عێراقدا، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ بوارو مەیدانی تر دەهێنێتە پێشەوەو خەتەرناکتر خۆی نیشان دەدات. بەم مانایە بارزانی حزبەکەی خۆی یان بە هێزی "سەرۆکی هەرێمەوە" گشت حزبە کوردییەکانو هێزە میلیشیاییەکانیان دەخاتە پێش بەرەکانی شەڕی تیرۆریستی ئەمەریکاوە، بەمەش کوردستانو خەڵکی کوردستان دەکەونە بەردەم گەورەترین مەترسی مێژوویی خۆیانەوە، کە لەماوەی سالی رابوردوودا خەڵکی کوردستان هەندی پریشکی ئەو ئاگرە تیرۆریستیەیان بینی لە هەولێرو دواین جاریش لە 25ی ئۆکتۆبەر لە شاری سلێمانی.

ئەمە ئەرکی نوێو سەرەکی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانیەتی، لە بازنەی سیاسەتی ئەمەریکی لە عێراقی دوای دەستوردا. لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا، گشت ئەرکەکانی تریان فۆرمۆلە دەکرێت، لە دووتوێی چونە پێشەوەی پرۆسێسی سیاسی لە عێراقو ناوچەکەدا لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە.

بەلام هەموو خەڵکی کوردستان بۆیان رۆشن بوو کە پرۆسەیەکی گاڵتەجاری بۆ سەپاندنی دەستور بەرێوە چوو، هەموو زانییان کە ئەم پرۆسەیە فەشەلی هێناوەو خەلکی کوردستان "نا" یەکی گەورەیان ووت بە دەستوری تائیفیو ئیسلامیو وە "نا"یەکی گەورەیان ووت بە فیدرالیەتو کۆنەپەرستی. بۆیە ڕێگا چارەی خەڵکی کوردستانو ڕۆنەچونی زیاتری بۆ نێو ئاگری جەنگی تیرۆریستی نێوان ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی، وە لە پێناو ڕیگە گرتن لە تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلە بۆمب ڕیژکراوەکان، لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیاو تەنیا جیاکردنەوەی ریزەکانی خۆیەتی لە سیاسەتو عەمەلکردی حزبەکەی بارزانیو حزبەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لەلایەكو هەروەها ڕێکخراوبونو سەرتاسەریکردنەوەی نارەزایەتیو خەباتیان لە پێناو جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانیو ناقەومیدا.